پارێزگای کەربەلا بەهۆی خراپی کەش و هەواوە پشووی ڕاگەیاند



بەهۆی ئەوەی شەپۆلێکی بارانبارینی بەخۆڕ شارەکانی ناوەڕاستی عێراق و باشووری گرتووەتەوە پارێزگای کەربەلای پیرۆز پشووی راگەیاند

پارێزگای کەربەلا لە راگەیەنراوێکدا پشووی فەرمی راگەیاند بەهۆی شەپۆلەکە و تەواوی دام و دەزگاکان لەم شارە بۆ سبەی لە پشووی فەرمی دەبن و چاوەڕێی دەکرێت پارێزگا و شاری تریش پشوو رابگەیەنن.

جێگەی ئاماژەیە، بەپێی دەستەی کەشناسیی عێراق، شەپۆلەکە تا سبەی بەردەوامی دەبێت.